قەرەبوی خاوەن ئەتەمبەلە زیانلێکەوتوەکانی لافاوەکەی چەمچەماڵ دەستپێکرد



کەمپینی فریاگوزاری بوژاندنەوەی چەمچەماڵ، دەسپێکردنی قەرەبوکردنەوەی خاوەن ئەتەمبەلە زیانلێکەوتوەکانی لافاوەکەی ڕاگەیاند و ئەوە بە بڕی نزیکەی یەک ملیار دینار قەرەبوی 694 ئەتەمبەلی زیان لێکەوتو دەکرێتەوە. کە هاوکارییەکان لە 100 هەزار دینارەوە دەسپێدەکات تاکو 15 ملیۆن دینار.

عەتا محەمەد، سەرکی کەمپینی فریاگوزاری بوژاندنەوەی چەمچەماڵ ئەوە چوارشەممە لە کۆنگرێسکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، قۆناغێکی دیکەی قەرەبوکردنی زیانلێکەوتوانی لافاوەکەی چەمچەماڵ دەسپێدەکەن و ئەوە قەرەبوی 694 ئەتەمبەلی زیان لێکەوتو دەکرێتەوە.

ئاماژەی بۆشکرد، نزیکەی 800 خاوەن ئەتەمبەل سکاڵا و داواکارییان پێشکش کردوە بە قەرەبوکردنەوە و ئەو 694 ئەتەمبەلە لەوانە جیاکراونەتەوە و ئەوانەی دیکەش مەرجەکانیان تێدا نەبوە. یاخود لێژنەی بڕاد و پسپۆرنیان سەلماندوە کە زەرەرمەندی لافاون.

بۆتی عەتا محەمەد، هاوکارییەکان لە 100 هەزار دینارەوە دەسپەدکات تاکو 15 ملیۆن دینار، ئۆش بگورەی زیانەکانە کە لیژنەی تایبەت هەسنگاندیان بۆ کردوە. بۆی پارەکشی نزیکی یەك ملیار دینارە.

دەشێیت، "قەناغی داهاتو قەرەبوکردنەوە دوکان و شونە بازرگانیەکانە کە هەفتەی داهاتو دەسپەدکات"، پاشان پەداچونەوە بۆ سکالاکان دەکرەت.

هەژی 9ـی ئەم مانگی رابردو شپەلەکی بارانبارین هەرەمی کوردستانی گرتەوە و بەهیەوە لافاو لە چەند ناوچیەك دروستبو کە بوە هۆی گیانلەدەستدانی پەنج کەس و زیاتر لە دو هەزار و 600 ماڵیش زیانیان بەرکەوت کە زەربەی زیانەکانی لە چەمچەماڵ و دەروبەری بون. ئۆش بگورەی ئامارەکانی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکانی حکومەتی هەرەم.